# دیاری-ی کەرکوك لە ئەمەریکاوە بۆ کوردەکان

ســـــەدات ئــــــەرگـــــین
لە تورکییەوە: بەکر شوانی

بۆ ئەوەی لە واتای ئەو هەڵبژاردنی پارێزگارە بگەین کە ڕۆژی دووشەمی ڕابردوو لە کەرکوک پێکهات و بە سەرکەوتنی گروپەکانی کورد کۆتایی پێهات، پێویستە لە پێشدا شێوازی هەڵبژاردنەکە ڕوون بکەینەوە.

بە پێی ئەو شێوازەی ئەمەریکاییەکان دایانهێنا ١) ٣٠٠ نوێنەر کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کەرکوک دەکەن، هەڵدەبژێردران، ٢) پاشان ئەم نوێنەرانە ٣٠ کەسیان هەڵدەبژارد بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شار، ٣) ئەنجومەنیش دەنگی دەدا بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار و یاریدەدەرانی.

کاتێک ئەندامانی سەربەخۆ لە کوردەکان هەڵبژێردران

لە قۆناغی دەستنیشانکردنی هاوکێشەکاندا بە یەکسانی مافی دەستنیشانکردنی ٣٩ نوێنەر بۆ هەر یەک لە گروپە نەتەوەییەکانی کەرکوک (تورکمان، کورد، ئاشوری و عەرەب) بە ڕەوا بینرا و بەمجۆرە ١٥٦ نوێنەر لە کۆی ٣٠٠ نوێنەرەکە ڕاستەوخۆ لەسەر لیستی نەتەوەکان دیاریکران. لیستەی ١٤٤ نوێنەرەکەی تریش لەلایەن کۆمیتانەکانی ئەمەریکی و لەسەر بنەمای ئاستی پیشەیی جیاواز ئامادەکرا. هەر گروپێکی نەتەوەیی لای خۆیەوە شەش پاڵێوراوی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن هەڵبژارد و مافیش درا بە لیستی ١٤٤ نوێنەرانی سەربەخۆی داتاشراو لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ٦ نوێنەر هەڵبژێرن. یەکەم چەواشەکاری لە لیستی نوێنەرانی سەربەخۆدا کە ڕەنگدانەوەی ئارەزووی ئەمەریکاییەکان بوون، سەریهەڵدا و نارەزایی دەربڕینی بەرەی تورکمانیش لە بەرامبەر ئەوەی کە ١٤٤ نوێنەرەکە لە ئەنجامی گوشاردا لە کوردەکان هەڵبژێردراون، بە هەند نەگیرا.

کاتێک تورکمانەکان بوون بە سێ بەش

ئەو ٣٩ نوێنەرەی کە بۆ تورکمان بە ڕەوا بینرا، بە یەکسانی بە سەر ٣ گروپی سیاسی جیاوازدا دابەشکران. بەرەی تورکمانی نزیک لە ئەنقەرە ١٣ نوێنەر و، پارتە تورکمانیە ئیسلامیەکان (پارتی یەکێتی ئیسلامی و پارتی وەفای تورکمانی) ١٣ نوێنەر و، ئەو پارتانەیش کە بە گەرمی دەڕواننە هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی عێراق (پارتی میللەت و پارتی برایەتی تورکمان) ١٣ نوێنەریان بەرکەوت. ئەم ٣٩ نوێنەرەی تورکمان لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەوە و ئەو ٦ ئەندامەیان هەڵبژارد کە دەبوو بگەنە ئەنجومەن و لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا بەرەی تورکمانی ٣ ئەندام و پارتە ئیسلامیەکان ٢ ئەندام و پارتی میللەت ئەندامێکیان بۆ ئەنجومەن هەڵبژارد.

لە کەرکوک هاوکاری عەرەب-تورکمان

لە هەڵبژاردنی ڕۆژی دووشەمی ڕابردوودا عەبدولڕەحمان مستەفای پاڵێوراوی تاڵەبانی و مستەفا کەمال یایلاجی پاڵێوراوی بەرەی تورکمانی پێشبڕکێیان کرد و لە ئاکامدا پاڵێوراوەکەی تاڵەبانی ٢٠ دەنگی بەدەستهێنا و یایلاجی-ش توانی تەنیا ١٠ دەنگ بەدەست بخات. وا باوەڕ دەکرێ کە بە لایەنی کەمەوە یەکێک لە نوێنەرانی تورکمان لە ئەنجومەندا دەنگی بۆ پاڵێوراوە کوردەکە دابێ. بەهەر حاڵ، وا دەردەکەوێ کە یایلاجی جگە لە تورکمانەکان، دەنگەکانی تری لە عەرەبەکانەوە وەرگرتبێت و لێرەوە دەتوانرێ بوترێ کە لە کەرکوک تورکمان-عەرەب پشتیوانیان لە یەکدی کردووە و ئاشکرایشە کە ئاشوریەکان لایەنگیری لە کوردەکان دەکەن و نوێنەرە سەربەخۆکانی دەستچێنی ئەمەریکاش دەنگیان داوە بە پاڵێوراوەکەی تاڵەبانی. لە کۆی ٥ پاڵێوراو کە بەرەی تورکمانی بۆ پلەی یاریدەدەری پارێزگار

داینان، هیچیان هەڵنەبژێردران و لە هەموویشی سەیرتر عیرفان کەرکوکی سەر بە پارتی میللەت کە بە گەرمی دەڕوانێتە هاوکاری لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، بۆ یەکێک لە پۆستەکانی جێگری پارێزگار هەڵبژێردرا.

**ئەو پەیامانەی کە ئەمەریکا بە تورکیای ڕاگەیاند**

ئەنقەرە لە نزیکەوە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی کەرکوکەوە هەبوو و بە درێژایی ماوەی هەڵبژاردنەکان و بە مەبەستی ئەوەی بەلای کەسدا نەشکێنرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕەوا ئەنجام بدرێ، زنجیرەیەک هەوڵی دیپلۆماتی دا لەگەڵ ئەمەریکادا. هاوکات ئەوەش هەڵبژاردنەکەی کەرکوک یەکسەر دوای ناردنی دوو باڵیۆزی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ باکوری عێراق ئەنجامدرا.

ئایا ئەم ئەنجامە چی واتایەک دەبەخشێت؟

١) حکومەتی بوش هەوڵەکانی تورکیای بە هەند نەگرتووە.

٢) واشنتۆن کە بە نزیکایەتی بەرەی تورکمانی لە ئەنقەرە نائارامە، بە ئامادەکردنی ئەنجامێک کە بە واتای دۆڕانی بەرە بێت، ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە بەربەستێکی لەبەردەم تورکیادا کێشاوە بۆ ئەوەی نەتوانێ دەست بخاتە هاوکێشەی باکوری عێراقەوە.

٣) ئەمەریکا کەوا هەست دەکات لە کاتی شەڕی عێراقدا بە خەنجەری تورکیا پێکراوە، جارێکی تریش توڕەیی خۆی لە بەرامبەر تورکیا بە کاریگەرترین شێوە نیشان دەدات.

٤) وە لە ئاکامدا، گروپە کوردەکانی هاوپەیمانی ئەمەریکا کە هەر لە سەرەتاوە هاوکاریان کرد، بەمجۆرە خەڵات کران.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت ٢٠٠٣/٦/١

www.kurdistannet.org کوردستان نێت